# بەردبارانکردنی ژنان
# بەرهەمی هزری دەسەڵات و دینەکانی کوردستانە

سەرەتا زۆر بە توندی نارەزایی خۆمان بەرامبەر بەم کارە دژە مرۆیی و درندەییە دەردەبرین کە چەند رۆژێک لەمەوبەر پارێزەرانی شەرەف - شەرەفی دین و دەسەڵات- لە شارۆچکەی باشیقە کیژۆڵەیەکی(17)ساڵانیان تەنیا لەسەر هەڵبژاردنی خۆشەویستیی بە گەلەکۆمەکیی کۆمەڵێک سمێڵبابرِی چاخە کۆنە پەرستییەکان بەردباران کرد .. ئێمە وێرای ئەوەی کە دەڵێین ئەم ستەم و زۆردارییەی کە بەرامبەر ژنان دەکرێت رەگی خۆی بە قووڵی لەنێو دینو ئەو دەسەڵاتە پیاوسالارو دواکەوتووەی ئێستای کوردستان و عێراق داکوتاوە ناکرێ ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز چاوەروانی لەوە باشتریان لێبکەن بەڵکە زۆر لەمە خراپتریشیان لێدەوەشێتەوە.. چونکە هێز و مانی ئەم دەسەڵات و دینانە بەندە بە هەبوونی جیاوازیی رەگەزیی و خێڵەکیی و هەموو ئەو جیاوازییانەی کە ئەوان دەتوانن بە قووڵکردنەوەیان بەرەی یەکسانیخوازیی و مرۆڤپەروەریی پێ پەرت بکەن و بەگوێرەی بەرژەوەندییە خۆپەرستییەکانیان بیانچەوسێننەوە .

دیارە بارودۆخێکی ئاوەها ترسناک و چەوسێنەر هەر بەتەنیا بە گیان لەدەستدانی (دوعا)کۆتایی نایێ بەڵکە ئەمە زەنگی مەرگی ئازادیی ژنانە و مەترسیی بۆ سەر ژیانی تێکرای ژنانی کوردستان هەیە .. هەربۆیە ئەگەر لەمەودوا ژنان چاوی خۆیان نەکەنەوە و فەرهەنگی دینو کۆنە پەرستیی لەخۆیان دانەماڵنو بە هزری پێشکەوتووخوازیی خۆ چەکدار نەکەن ئەوا تادێ لەسایەی ئەو بارودۆخەی کە لە کوردستانو عێراق دەگوزەرێ ئەو تۆزە ئازادییەی کە بە دەریایێک فرمێسک و خوێن بەدەستمانهێناوە ئەویشمان لەدەستدەچێ و یەکسانیی و ئازادییمان لێدەبێتە خەونێکی دوور و بەدەستهێنانیان زۆر سەخت دەبێت .. جا تازووە با هەمووما‌ن دەست لەناو دەست لەگەڵ پیاوانی یەکسانیخواز خۆمان رێکخراوتر بکەین و بە هەر رێگایەک هەیە بەر بەو هێرشە خەستە درندەییانە بگرین کە بێگومان بازرگانان و پیاوسالارانی نێو دەسەڵات و ئاخوندەکان و نێوەرۆکی دەقە دینییەکان لە پشتیەوەن.. تا بەهەموو مافە رەواکانی خۆمان دەگەینو کۆمەڵگایەکی ئازادو یەکسانو پر ئاسوودە بنیاتدەنێین .

*پایزە ئەحمەد*

کۆمەڵەی ژنانی کورد- کێرکلییس

هودرسفێڵد- بەریتانیا - 2007.4.26